

# گورگی تەرە

نووسینی: عەزیز نەسین
وەرگێڕانی: م . گۆمەیی

**من گورگم** ... گورگێکی بۆر ... واتە بە کورتی، منم گورگە بۆر ... لەهۆزی گورگاندا چەشنی تریش هەن. وەک گورگی رەش، گورگی سوور و .... هەر لە ئەزەلەوە ئێمە لەجەنگەڵ و چیادا دەژین. بێگومان ژیانی جەنگەڵمان لا خۆشە چونکە نێچیری زۆرمان تێیدا دەسدەکەوێت. ژیان لەوێ گونجاوترە. بەڵام تا دێت جەنگەڵەکانمان لێ تەسک دەبنەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێگەویان و شار و ئاوەدانی خۆ دەکێشن بەسەر دارستاندا، بۆیە ئەوان تابێت پاشەکشە دەکەن و دەپووکێنەوە. تابێت زەمینەی ژیانمان لێ تەسک دەبێتەوە وگوزەرانمان ڕوو لە سەختییە. سەرەڕای گشت ئەوانەیش، ئەوی ماوەتەوە مرۆڤ بۆ ڕابواردنی خۆ دەیکەن بەشوێنی سەیران و گەشتوگوزار. لەم ساڵانەی دواییشدا گەڕیان لە دارستانی نزیک شارەکان ئاڵاندووە تا بیکەن بەباخی گشتی. کەمنداڵ بووم لەگەورەکانمم دەبیست کە پێشتر جەنگەڵی ئێمە ئەسنووری دیار بووە وئە کەنار. هەروەها هەمیشە پڕ بووە لە ئاژەڵی هەمەجۆرە. تەنانەت منیش لەیادمە کە هەرزەکاربووم لەدارستاندا گشت جۆرە ئاژەڵ هەبوو، بۆیە هیچ جۆرە زیندەوەرێک لەبرسا نەمردووە. بەڵام لەمڕۆ بەدواوە ئەوە نامێنێ ... بە هەرحاڵ چی دەبێت با بیبێت، لەلای ئێمەی گورگ، ئەگەرچی برسێتی بێت یان بێدەرەتانی، نیشتیمانی خۆمان هەر خۆشدەوێ. ناتوانین پێ لەو دەڤەرە بیڕین کە تێیدا لەدایک بووین. ڕیشەی نیشتمان پەروەری لەناخماندا ڕواوە ... ئاژەڵ هەیە دەڵێن: لەهەرکوێ ورگم تێربێت ئەوێ نیشتمانمە. ئەوە ئێمە نین.

نیشتمان شتێکی ترە. ئەرێ دەشێ هیچ هەبێت جێگەی نیشتمان بگرێتەوە؟ ... هەرگیز نا ... هەرگیز گومانم لەوە ناکەم ... ئای چیم بەسەر هات ... وا لە نیشتمان دابڕام ... هیچ گورگێک بەئارەزوو لانەی خۆی جێناهێڵێت تا من جێیهێڵم. ئەوا جێمهێشت بەڵام ئایا بەخواستی خۆم بوو! وەک گێڕامەوە، مرۆڤ دەستهەڵگر نین لەداگیرکردنی نیشتمانم کە جەنگەڵستانە ... لەم دواییانەیشدا بەزمێکی تریان دۆزیوەتەوە پێیدەڵێن گەشتەڕاو. ئەو کەمەیشی کەماوە و کاول نەکراوە، بەکرێ دەدەن بە ڕاوکەر تا ئێمەمانانی تێدا بکوژن. ڕاوکەریش چونکە پارە دەدەن لەهەرچوار لای دارستانەوە بەرەو ناوەوە دەکشێن و هەچ گیانلەبەرێکیان تووشبێت بە گوللەی قورقوشم نیشانی لێ دەگرن. واتە لەپێناو ڕابواردنی خۆیاندا ژیان لەئێمە دەبڕن. ئەوجا لەجەوری مرۆڤ تابێت دارستانەکان کرژ و تەسک دەبنەوە. ئاژەڵ بێ داڵدە دەمێنن و جێ نەماوە خۆی تێدا حەشاردەن. نە ڕووکردنە کێو ڕزگاریان دەکات لەدەست ڕاوچی، و نە هەڵهاتن بۆ دەشت. منیش لەوتۆ ڕۆژێکدا بۆ پاراستنی گیانم لە قورقوشمە کوشندەکانی ڕاوچی، ڕووم لەشاخ نا، بەڵام پۆلی ڕاوکەری ناو جەنگەڵ هەر بەگیریان هێنام. بەملادا هەڵدێم ئاگرە، بەولادا هەڵدێم هەر ئاگرە! هەر چوار لام لێ گیرابوو ... لەژێر بارانی گوللەدا قەتیس مام. ڕاوکەری دڵبەرد ڕێگەی شاخیان لێ گرتم، هەر دەبوو گوللەڕێژمکەن. هەرنەبێت گورگ لەبەر گرووتی پێستەکەی دەکوژن. بێ لەوەی بزانم ڕووم لەکوێیە، هەڵهاتم و ئەوانیش هەر لەدووامن ... بەو جۆرە و هەرچۆن بێت خۆم لەچاو ڕاوکەر بزرکرد. بەڵام هەر وام دەزانی لەدوامن بۆیە هەر خێرا و خێراتر ڕامدەکرد ... پاش گشت ئەو ڕاکەڕاکە و هەڵەداوانە خۆم لەناوەندی شارێکدا دیتەوە. من لەو دارستانەدا خۆم لەچنگ چەند مرۆڤێک دەربازکرد، بەڵام وا لێرەدا کەوتوومە نێو کۆمەڵێک مرۆڤ ... بەڵێ کۆمەڵی مرۆڤ ... کۆمەڵ چی کۆمەڵ، جەنجاڵی مرۆڤ و ئۆتۆمبیل ... ئۆتۆمبیل و مرۆڤ، هەریەک دەکۆشن خۆ لەو جەنجاڵییە دەربازکەن. قوڕم بەسەر! ئێستا چی بکەم؟ ڕاکەم شوێنی هەڵهاتنم نابێت ... ئەوە چییە، دەڵێی هیچکەس لێم ناڕوانێت، هەرکەسە خولیای کارێکن. ئای ئەگەر دەزانن من گورگێکی پەڕیوەی جەنگەڵەکانم، دەسبەجێ لەتویەتم دەکەن. ڕووم لەملاکرد، و ملم نا بۆ ئەولا تا لەو شارە مەزنەدا گەیشتمە ناوەند. کۆمەڵی سەگانم بەرچاو کەوت ... ملەوانەی چەرمیان لەملە و بەدەستی ژن یا پیاوی پیر یانیش گەنجەوە بوون. هەندێکیان پەت لەمل و هەندێکیش بێ پەت بوون. واتە هەر سەگ بوو لەدووی مرۆڤ. هەندێ کەس سەگەکانیان لەباوەش گرتووە ... سەگم دی بە دارتەلدا هەڵدەمیزا، و هەندێک لەناوەندی ڕێگەکاندا هەڵتۆکاو، و هەندێکی تریش بەرەڵلا ...

ئەو توخمە ئاڵچاغەی سەگ، " شەرمیشە وا دەڵێم چونکە بەداخەوە ئەوانیش لەڕەگەزی ئێمەن ..." وەک گەورەکانمان دەیگێڕنەوە، مرۆڤ ئەوانی بەرەبەرە دەستەمۆ کردووە تا ئەو ئاستەی بوون بەسەگ. توخمی سەگ ملکەچن بۆ مرۆڤ ... پێشینانمان گوتوویانە سەگ بوونەتە سیخوڕ لەسەر گورگ. دیارە ئەوە ڕاستە، چونکە ئەوانەی من دەمبینی گەشتەڕاویان دەکرن، هەمیشە سەگیان پێبوو. ڕاوکەر ئەوانی پێش خۆ دەدا و ئەوانیش لەهەچ شوێنێکدا هەستیان بە نێچیری خۆشاردوو بکردبا ئەوا بەلوورە خاوەنی بەڕێزیان لێ هوشیار دەکرد.

لەو شارە مەزنەدا چوومە گۆڕەپانێک وەستام و ڕوانیمە هەر چوارلای خۆم، دەبینم جەنجاڵ و بەیەکداچوونە. سەرم لەو دیمەنە سووڕما. هاتوچۆ و بەیەکداچوون گێژی کردن: قەمەرە، لۆری، پاس، ترێلە، ماتۆڕ، پاسکیل، ترامواى ... جا بۆ خۆ پاراستن لەگشت ئەوانە و قورتار کردنی لەش لە شێلان و سەگ، سەگ، سەگ ... گێژ بووم و بەرچاوم ڕەش بوو ئەوجا دارستانی خۆشەویستم هاتەوە یاد کە تێیدا لەدایک بووم و هەر لەوێ گەورە و پەروەردە بووم. ئاخێکم هەلکێشا « ئاخ نیشتمان ». خۆزگە وا هاتمەوە نیشتمان ... چی دەبێت با ببێت. هەر دەبێ بگەڕێمەوە ... هەر لە یەکەمین هەلدا دەگەڕێمەوە. با تاریک دابێت، با ڕاوکەر بکشێنەوە و دارستانەکانمان چۆلکەن ... هەر دێمەوە. ژیانی ئێمەی گورگە بۆر هیچکات ئەوە نییە هەر بەتەنها بە سۆز نیشتمانمان بوێت.

ئەوەی سەرسامی کردووم ... لە دارستان ڕاوکەر دەریپەڕاندم و بە تەقە هەلیان بڕیم، ئێستەیش کەوتوومەتە ناوەندی شار و بە ناویاندا هاتوچۆ دەکەم بێئەوەی کەس سەرنجم بداتێ ... تۆبڵێی لە تاو شپرزەیی و دەردی گیان ئاگایان لەمن نەبێت ... نا هەرگیز ئەوەنییە، دیارە پەی بەوە نابەن کەمن گورگم ... تۆبڵێی بە گورگم بزانن؟ دەشێ لای ئەوان من سەگبم ... دیارە جیاکردنەوەی سەگ و گورگ بەناکاو دیتنێک هەلنایەت و ئاسان نییە. بیریش بۆ ئەوە ناچێت گورگێک وا بەلارولەنجە بەناویاندا بخولێتەوە. بەوەیش کەمن هیچم لەملدا نەبوو دیارە بەسەگە خوێڕی سەر شەقامەکانیان دەزانیم.

بەلێ، نیشتمان ... بەلام چاکوایە لەبری ئەوەی گوللەی ڕاوکەری ستەمکار پێستم کونکات ئێستا بەسەگایەتی سەر شەقامەکان قایلبم. ئای بەهەشتی نیشتمان لەیەکەم هەلدا هەر دەگەڕێمەوە ... تۆ با تاریک دابێت.

هەندێک بەو گۆڕەپانەی ناوەندی شاردا گەڕام. پێم لەجەرگی خۆم نا و هێدی هێدی کشامە ناو شەقامەکان. کەس ئاوڕی لێ نەدامەوە. دەشێ نەزانن من گورگم ... منیش لەبەر پاراستنی گیانم وەک سەگ خۆم نیشاندا. هەر کەخاوەنی سەرەپەت گرتووی یەکێک لەو سەگانەم دەدی کە سەلدانەسەلدانە دوای خاوەنەکەیان کەوتوون، بۆنی پاشەلی سەگی پەت لەملی پاش خاوەن کەوتووم دەکرد تا واینیشاندەم کە منیش سەگم. جارجارەیش لەگەل سەگی مالیدا مڕەمان لەیەک دەکرد. بێگومان سەگەکان لە مرۆڤ تیژبینترن و دەیانزانی من لەوان نیم و گورگم بۆیە دانیان لێ چیڕ دەکردمەوە و پێم دەوەڕین، منیش بۆ شاردنەوەی گورگێتی خۆم گوێم نەئەدایە مرخە و وەڕین. ئەگەرچی سەگ هەر لە ڕەگەزی گورگ دابەزیوە، و سەرچاوەی زمانمان هەر یەکە. سەگ بە دیالێکتی سەگی و ئێمەیش بە دیالێکتی گورگی دەدوێین.

هەندە بەو شارە مەزنەدا گەڕام چاکم برسی بوو. خۆ ئێرە جەنگەلستان نییە کەروێشک، ڕێوی یان بزنەکێوییەک یەکالاکەم و ورگی خۆمی پێ تێرکەم. داخی گرانم، بۆ هەیە لە نیشتمانی گورگ بچێت؟ هەرگیز نا ... ئای نیشتمان، ئۆۆف نیشتمان ...

برسێتی تەنگی پێ هەلچنیم هەندە نەمابوو سەگبوونی خۆمم لەبیرچێتەوە و ببمەوە بە گورگ. لەوانەبوو سەگێکی خنجیلانە یان مندالێک، تەنانەت زەلامێکیش لەتویەتکەم و بیخۆم. بەلام ئەوە دەبووە هۆی دوا هەناسەی ژینم.

بەورگی بەتالەوە شەقامەکان گەڕام و لەکۆگاکانم دەڕوانی. ئای کەجوانن، پیشانگا، دوکان، کوافێر، بازاڕی فراوان، بۆ هیچ ماوە بیلێم ... پیشانگای سیخناخ، و هەمەچەشنە. لەو ئاستەدابووم قەپ لە پارچە گۆشت یان لەتە نانێک بگرم و بیفڕێنم، لەپڕ پارچە پسکیتێکم دۆزییەوە! لەوانەیە لەیەکێک کەوتبێت یان مندال بۆی تووڕدابم. دەسبەجێ قووتمدا، بەلام چێژی نەگەیشتە بێخی ددانم. هەمان کات بینیم یەکێک لەپال مێزی چایخانەیەکەوە " کوچ کوچ کوچ " بانگم دەکات. ئەرێ بڕۆم؟ نەڕۆم؟ خۆ توخمی مرۆڤ چێی باوەڕ نین ... کوتوومووت هەروەک سەگ لەبەردەم کابرا هەلتووتکام. کەوتە دەستهێنان بەسەرما. بیرم بۆ ئەوەچوو کە ئەگەر ئەم ئاستە لەجەنگەلدا بوایە، ئەم پیاوە دەیکوشتم چونکە گورگم، بەلام کە لێرەدا سەگم، واتە ئەو بەسەگم دەزانێت بۆیە دەست بەسەرمدا دێنێت. ئەوە یەکەم جار بوو دەستی مرۆڤم بەرکەوێت. " ئای ئەگەر قەپێک لەدەستی کابرا دەگرم ". نا چاکوایە خۆمی لێ بکەم بە سەگ و کلک شۆڕکەم ... ئەو سێ کەسەی پێکەوە دانیشتبوون هاتنە قسە:

ـ کوڕینە ئەمە لەسەگێکی گورگینی ڕەسەن دەچێت.

ـ بەلێ بەلێ ... دیارە زۆر ڕەسەنە.

ـ خۆ کوتوومت گورگە ... بڕوانە ...

ـ خۆ قایشیشی لەملدا نییە.

ـ کەواتە بێ خاوەنە ...

ـ سەگی گورگینی ئەوتۆ بێ خاوەن نابێت.

ـ ئەگەر بێ خاوەن نەبێت وا خوێڕی و بەرەللا ناسووڕێتەوە.

ـ دەلێی سەگە گورگە، بەلێ هەر سەگی گورگینە، بڕوانە چۆن لەبرسا ناوقەدی قوپاوە ...

ـ بەستەزمانە بووەتە تانجی ... ئای داخەکەم.

ـ خۆ تۆ بۆ سەگ دەگەڕای، فەرموو ئەوە سەگ ... لە گورگیش دەچێت.

ـ ئەگەر کار لەویستێ بێت ئەوا دەمەوێت ... بەلام مالەکەمان هەندە تەسکە جێگەی خۆمانی تێ نابێتەوە.

پاشان ئەوان کەوتنە سەر باسی تر. منیش هەروەک گورگی لەڕەگەز وەرگەڕاوی بەسەگ بوو، وەک سەگ

لەسەر دوو قاچ هەڵتوتکام و لە پاداشی دەس بەسەردا هێنانی کابرا خۆم کرد بە پاسەوانی.

ئەوەی لێیان گەیشتم ئەوەبوو کە، ئەوانە سێ پیاوی ئاوارەن و لەو شارەدا دەژین. لەوڵاتی خۆیان بێکار بوون، و لەتاو برسێتی، بۆ پارە پەیداکردن پەڕیونەتە ئەم شار و وڵاتە. وەک من ئەوانیش باسی نیشتمان پەروەری لەزمانیان ناکەوێت. هەریەکەیان لەگەڵ گوتنی وشەی نیشتمان کڵپە و گڕی ناوجەرگ لەزاریان بۆ دێتەدەر. گوایە نیازیانە پاش ڕەنج و تێکۆشان و پارە کۆکردنەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆ.

کە وتوویژی ئەوانم بیست دەرکەوت وەک یەک هاودەردین. ئەوەیان کە هەژدە ساڵ دەبێت پەڕیوەتە ئێرە، دەیگوت:

- براینە، نازانم ئێوە نیشتمان نیشتمانی چیتانە ... کە منیش تازە بووم لێرە هەر نیشتمان نیشتمانم بوو، پاشان بۆم دەرکەوت ئەو نیشتمانەی ئێوە خۆلیاین دەبێ هەمان ئەو شوێنەبێت کە ورگی تێدا تێر دەبێت.

دوانەکەی تر بەو قسانەی هاوڕێیان زۆ قەڵس بوون. هەروەها منیش لەلای خۆمەوە زۆر تووڕە بووم. من لەنێوان دوو لاقی ئەویاندابووم کە ئەوەی وت، بەزۆر خۆم ڕاگرت، ئەگینا ئەگەر خۆراگر نەبوومایە، یەک قەپم بە دەعباکەیدا دەکرد، دەمپچڕی و هەڵدەهاتمەوە بۆ چەنگەڵستان. بەڵام دەزانم دووم دەکەوتن و بەساغی دەرباز نەدەبووم. ئەوتۆیش هەر خۆم پێ نەگیرا و لەژێر لێوەوە بەزمانی گورگی مرخەیەکم لێکرد. کابرا هەر نەیبڕییەوە:

- هاه نیشتیمان! ... کەمم بێکاری، بێ هاودەمی و بێ خۆراکی تێدا چەشت، هەروەها لەلایەکەوە خێزانی تێدا بێدەرەتان و منداڵمی تێدا لاواز و نەخۆش کەوت، لەلایەکی تریشەوە خۆم هەر مردم ... لەکوێ ورگم تێربێت ئەوێ نیشتمانمە ... دەریشمکەن لێرە هەڵناکەنرێم ... ئەگەرچی دەیشزانم دەردەکرێم ... بەڵام سەیرە بڕۆم ...

یەکێکی تریان گوتی:

- ئای کە گەوجە، بۆ پیاو نیشتمانی بۆ ئەوە خۆشدەوێ کە ئیشی بۆ پەیداکات؟

ئەوی یەکهەم:

- ئەی چۆن، ئەی لەبەر بێئیشی خۆشم بوێت؟

- کوڕە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن نیشتمان قۆنتەراتچییە؟ یان دەبێت مرۆڤ نیشتمانی بۆ ئەوە خۆش بوێت کە خۆراکی بداتێ؟ بۆ نیشتمان چێشتخانەیە؟

مشتومڕ وردەوردە گەرم دەبوو، هەندەی نەمابوو لێیان ببێتە شەڕ. ئای ئەگەر دەبوو بەشەڕ، منیش ئەودەم لەتوپەت دەکرد کە بەسووکی ناوی نیشتمان دێنێت. بەهەرحاڵ بڵاوەیان لێکرد. من مامەوە لەگەڵ ئەوەی دەستی بەسەرمدا هێنا. کە ئەو هەستا منیش دوای کەوتم. جارناجارێک ئاوڕی دەدایەوە تا بزانێت منی لەدوا ماوم. کە دەیزانی هەر لەدوویم شادمانی لەروو دیاربوو، چونکە لێی ڕوون بوو کە دەبێت بە خاوەن سەگ.

لەناکاو خۆیکرد بەناو دوکانێکدا و دوو قوتوو خۆراکی سەگی کڕی، ئەوجا سوور بۆم دەرکەوت کەدەبێتە خاوەنم. پاش هەندێک پیاسە گەیشتینە ماڵ. ئێمەی گورگ، کە لەوەرزی سەرما و سۆڵەی سزتاندا لەدارستان خۆراکمان لێ ببڕێت شەو خۆ دەگەیێنینە گەوڕ و ژێرخانی ماڵان و پڕدەدەینە ملی شەک و بەرخ دەیانخنکێنین و پاشان پارچەپارچە دەیخۆین. من زۆر جار سەرم کردووە بەناو گەوڕ یان کوڵانەی مریشدا، بەڵام ئەمە یەکهەمجارە بچمە ناو ماڵ.

خاوەنەکەم ... واتە ئەو کابرایەی دەستی بەسەرمدا هێنا و ئێستا بووەتە خاوەنم، سەری قوتووی هەڵبچڕی و خۆراکی لەپێشم ڕۆکرد. بە درێژایی ژیانم شتی وا خۆشم نەخواردبوو. تەنانەت لەتکردن و جوینیشی بێ ئەرکە.

ئۆخەی توا تێربووم. با شەو دابێت، با تاریکی باڵمان بەسەردا بپۆشێت، ئەوسا دەگەڕێمەوە ناو دارستان. نیشتمانەکەم ... جەنگەڵەکان ... هێشتا بۆنیان لەلووتمدا ماوە و تارماییانم لەبەرچاوە ... پاش خواردنی ئەو خۆراکە خۆشەی سەگ، لەسەر دۆشەکێکی گەرم و نەرم ڕاکشام و لەناکاو خاوبوومەوە ... کە لەخەو ڕاپەڕیم زۆر دەمێک بوو هەتاو بەرز بوو ... گورگ و ئەوجۆرە خەوەیان نەگوتووە.

خاوەنی وەک خۆم نیشتمان پەروەر " نازانم هەر لەوەوبەر بووی یان چوو لەبازاڕ کڕی" یەک قایشی کردە ملم وپەتێکی لێ گرێدا ومنی برد بۆ پیاسە. لەڕاستیدا، ملەوانە لەمل کردن و بەپەت کێشکردن بۆ توخمی گورگ شوورەییە، بەڵام دەسەڵات چییە؟ ... با شەو دابێت ...

ئەوجا کە گەڕاینەوە ماڵەوە هاوسەری خاوەنەکەم جێیەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستم، دۆشەکی یەکجار نەرم ... و ڕۆژی دووجار خۆراکی سەگ، ئاوی پاک و ڕوونم لەپێش دادەنێت. هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچوو کەژیانی

سەگ لەشاردا هەندە خۆشە. بەڵام ئاخ هەر شتتی تێدا نەبوایە ... ئاخر گورگ و خۆشتێ! هەفتەی دوو یان سێ جار لە بانیۆیەکیان دەناخنیم و بە سابوونی بۆندار دەیانشتم. سەرەڕای گشت ئەوانە هەر لەیەکهەم هەلدا دەگەڕێمەوە نیشتمان ... نیشتمان شتێکی ترە، هیچ نییە لەدڵدا جێی نیشتمان بگرێتەوە.

ئەوەی لێرە لەبارەی سەگەوە بینیم زۆری سەرسام کردم. مووتاش هەن تایبەت بەسەگ؟ ئەرێ سەیر نییە؟ خۆ وا منیش دەبەن بۆ سالۆنی مووتاشین. هەرگیز نەمزانیوە منیش پێویستم بە مووتاشین دەبێ، چونکە مووی گورگ هەر خۆی دەوەرێت و مووی تری لەشوێن دێتەوە. ئەو مووتاشەی منیان بردە لا کیژێکی زۆر جوان بوو، چونکە سەگی زۆری دێتە بەردەست، شارەزای ڕەگەزی سەگان بوو، ڕەگەزی منی بۆ دەرنەکەوت، بۆیە لەخاوەنەکەمی پرسی : ئەمە لە چ ڕەگەزێکە؟ خاوەنەکەم گوتی: سەگی گورگین .... کچەکە گوتی گورگەسەگم زۆر دیوە بەڵام هیچم لەم جۆرە بەرچاو نەکەوتووە ... خاوەنەکەیشم دانی لە کیژە جیرکرد و گوتی: کەواتە ببینە .... کچی مووتاش لەپێشدا پاک لەشی خاوێن کردم و پاشان نینۆکەکانی هەندە خاوێن کردمەوە، دەبڕیقانەوە.

پەککوووو ... کە ڕۆژگارم خۆش دەگوزەرێت. ئەگەر خزمان، هاوڵەکانم دەزانن لە شاری گەورەدا باری سەگایەتی هەندە خۆشە، گشتیان جەنگەڵ جێدێڵن و لە شار خۆ دەکەن بە سەگ و پاشماوەی ژیان بەخۆشی دەبەنە سەر. باشە جۆن دەنگم بیانگاتێ ...

خاوەنەکەم نامەی نووسی بۆ خزمانی وڵاتی خۆی و بانگاشتی کردن بۆ ئێرە. گوایە ئەوانیش هەر بەگەیشتن دەکەونە سەر کار، پارەی چاک پێکەوە دەنێن و دەگەڕێنەوە بۆ وڵات. خزمی بانگاشتە کراویش بانگی خزمانی تر دەکەن، هەروەها ئەوانیش هی کەسانی تر. جا ئەوانەیش گشتیان وەک من هەر لەیەکهەم هەلدا دەگەڕێنەوە بۆ وڵات. هەر نیشتمان نیشتمانیانە.

شوکور لێرە ژیانی سێکسیشم لەبارە، لە جەنگەڵدا دە گورگی گۆڵ دووی یەک دێڵ دەکەوتین، و لەپێناویدا بە مرخە و شاڵاو بۆ یەک دەچووین، یەکدیمان دەخنکان یا زامدار دەکرد، ئەوەیشی ئەمردایە لەخوێنی خۆیدا دەگەوزا. بەڵام لێرە ئەوتۆ نییە. وەک گشت سەربەخۆییەکی تر، ژیانی سێکسی یەکجار سەربەخۆیە. چونکە من بەگورگی ڕەسەن ـ سەگی گورگین ـ دەزانن، لە خاوەنەکەم دەخوازن من لەگەڵ دێڵەکانی خۆیان جووتکەن. مەگەر دێڵێکم بەدڵبێت ئەگینا پاش یەک دوو جار پاشەڵ بۆنکردن ڕوویان لێ وەردەگێڕم. بەوجۆرە یەک ڕەوە تووتەڵە گورگە سەگم بەو شارەدا بڵاوکردووەتەوە.

ئەوەی منی سەرسام کرد ... " ئای لەوە، باشە من سەرم لەچی سووڕنامێنێت " ... نزیک دەرگا دەچمەوە لەخۆوە دەکرێتەوە. باشە دەرگا چۆن دەزانێت وا یەکێک یان سەگێک دەیەوێت پێیدا تێپەڕێت وا لەخۆوە دەکرێتەوە؟ ئەی ڕێگا و پێپیلکە ڕەوڕەوەییەکان. ئاوی دەستشۆر کە لە بردنەپێش و کێشانەوەی دەست لەخۆوە دەچۆڕێن و دەبەسترێنەوە. هەر کە مێز دەکرێتە ناو ئاودەستێک لەخۆوە ئاوی بەسەردا دەچۆڕێت و پاقژی دەکاتەوە. هەر کەپەنجە دەگاتە سەر دوگمەیەک پانکەکان لەخۆوە دەکەونە با هەڵمژین. من لەگشت ئەوانە سەرسامم. بەڵام ئەوتۆیش هەر نیشتمان خۆشە ... هیچ شتێک تامی نیشتمان نادات ...

تەححا، گوتم شتێکی سەیرم دیوە. ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیربوو، ئێمەی سەگ؟ ئای ئای ئای! ئەوە من چیم گوت؟ خۆ من دەڵێم ئێمەی سەگ! ... تا لەدەمم دەرچوو ... « دیارە وەردەوردە گورگ بوونی خۆم لەبیردەکەم و بەرەو سەگ بوون دەچم. باشە دەبوو چی بڵێم؟ خۆ ناتوانم بڵێم ئێمەی گورگ ... » لەم شارەدا سەگ گورستانی خۆی هەیە. ئەوە بەلای منەوە زۆر سەیرە: سەگ و گۆڕستان! ... بەراستی سەر لەوکارە دەرناکەم ...

ماوەیەک لەمەوبەر نەخۆش بووم، خاوەنەکەم بەئۆتۆمبیلی خۆی بردمی بۆلای پزیشک، بەو ڕاچیتەیەی دوکتۆر بۆی نووسیم خاوەنەکەم دەرمانی کڕی و دامێ. پاش یەک هەفتە لە بەکارهێنانی دەرمان چاکبوومەوە، ئەگەر ئەوە لە جەنگەڵستان بوایە لەماوەی یەک هەفتەدا دەتۆپیم.

ئەوتۆیش هەر هیچ بە نیشتمان نابێت ... ئاخ نیشتمان، داخ ... هیچ گومانی تێدانییە کە ڕۆژێک بگەڕێمەوە، نیشتمان. باشە کەی؟ ئەوپەڕی لەیەکهەمین هەل ...

خاوەنەکەم، خاوەن کارەکەی لەخۆی زویر کردبوو. بۆ؟ چونکە لەو ماوەی هەشت ساتی کاردا هەژدە جار دەچوو بۆ مێزکردن، هەر مێزکردنێکیشی لە چارەک کەمتر نەبووە ... خاوەنەکەم دەڵێت: ئەی چۆن، مێزیش نەکەین؟. بۆیە خاوەنەکەم چوو بۆ لای پزیشک و پشووی دوو هەفتەی بۆخۆ وەرگرت، و ئەو دوو هەفتە پشووەی بە چوونە چایخانە و یاری کاغەز لەگەڵ هاووڵاتییانی و باسی سۆزی نیشتمان بەسەر برد. کە خاوەنەکەم لەکارگە دەرکرا زۆری پێخۆشبوو، چونکە ئیتر بێ کار لەماڵەوە دادەنیشێت و ساندیکا مووچەی بێکاری بۆ دەبڕێتەوە، جارجارەیش لابەلا ئیشی ڕەشی لێ هەڵدەکەوێت. خۆ لەبێزاری ماڵەوە چاکترە، و دەسکەوتیشی لە مووچەی کارگەی پێشووی زۆرترە. ئۆخخەی خووی هەژدە جار چوونە سەرئاوی لەکۆڵ بووەوە. گشت مانگێک یارمەتی چواردە منداڵ وەردەگرێت، ئەوەی من لە ماڵدا دەمبینی تەنها دوو منداڵ بوون، هەرگیز دەرزدنە منداڵەکەی ترم بەرچاو نەکەوت.

خاوەنەکەم زۆری خۆشدەوێم. لەلای ئەم و ئەو باسم دەکات و دەڵێت « سەگێکە هەر دەڵێی مرۆڤە، لە مرۆڤیش چاکتر تێدەگات ... گشت وتەیەک تێدەگات، تەنها ئەوەیە کەناتوانێ بدوێت ...»

شەوێک ئاگام لەوەبوو، خۆی و ژنەکەی تا ئەو دەمەی سست بوون و خەویان لێکەوت زۆریان مشتومڕ کرد. خاوەنەکەم دەیویست ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام هەر وەک جاران پێکەوە بژین و ژیانی هاوسەرییان نەگۆڕن،

مەبەستیش لەوجۆرە تەلاقدانە ئەوەیە کە ئەوسا ژنەکەی مافی ئەوەی دەبێت لەماڵەوە دانیشێت و مووچەی بێکاری وەربگرێت. واتە دوو مووچەی بێکاری جیا بەو خێزانە دەبڕێت.

لێرە هەموو شتێک، هەموو شت چاکە. ئەگەر سۆزی نیشتمان نابێ، ئەو دەردە سەختە ... ئای نیشتمان ... لەڕووی ئەو سۆزەوە بۆ نیشتمان من و خاوەنەکەم زۆر لەیەک دەچین.

خاوەنەکەیشم هەر وەک هاوەڵەکانی بیردەکاتەوە. گشت باسی سەرزاریان ئەوەیە کە گوایە لێرە دەچەوسێنەوە، بەچاوی سووک لێیان دەڕوانن، بە مرۆڤی پلەی دوو دەژمێردرێن، ماف خۆراون. جوێن دەدەن، نەفرەت دەبارێنن. « ئاخ نیشتمان » و بەس.

خاوەنەکەم ئەو ئوتومبیلەی فرۆشت کە لەدەستی دوو کرێبووی و مارسیدسێکی نوێ نوێی کڕی. ملوانکە زێڕە باریکەکەی خۆی پێشکەش کرد بەو هاوسەرە تەلاقدراوەی کە هێشتا لەگەڵی دەژی، و ملوانکەیەکی ئەستووری بۆخۆی کڕی. بەلام بازووبەندە زێڕەکەی هێشتا لەدەسە.

ماوەیەک لەمەوبەر منی لەگەڵ خۆ برد بۆ کۆبوونەوەیەک. لێرە سەگ بۆی نەبوو بچێتە دیوی ژووردەوەی هۆڵ و منیش بەوە ڕاهاتووم، لەو جۆرە شوێنانە من لەپاڵ دەرگاکە ڕادەکشێم و چاوەڕوان دەبم. لەدەرەوە گوێم لەگش جۆرە گفتوگۆیەکە.

خاوەنەکەم لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر گەرم بوو: « ماف نادرێت بەڵکوو دەستێندرێت، مافی خۆمان بەزەبر وەردەگرین ...» لەگەڵ وتەکاندا مشتی کێشا بەسەر مێزەدا وگشت دانیشتووان بەیەک دەنگ:« دەیسێنین ... »

یەکێکیان چووە سەر سەکۆی شانۆ و گوتی: دەبێ ئەوەی باس لە سەندنەوەی ماف دەکات مافخوراوبێت، ئێوە لێرە چیتان کردووە تا پاداشتی بخوازن؟ ». دەستبەجێ بە هاهووو ... لە هۆڵەکەیان دەرپەڕان.

یەکێک لەدانیشتووانی هۆڵ:ـ ئەگەر ئێرەتان بەدڵ نییە بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆ؟ ... دەی با تێکڕا بگەڕێینەوە بۆ ... » لەگەڵ وتەکانی ئەودا خاوەنەکەم دەسبەجێ ڕاپەڕی، و چووە سەر سەکۆ و یەک مشتی کێشا بەسەر مێزکەدا پەرداغە ئاوەکەی لەسەر کەوت و شکا. گوتی: ئێمە لێرە ئارەقی ناوچەوانمان ڕشتووە، هەرگیز جێیناهێڵین. هەروەها گوتی ئێمە لێرە خاوەن مافین. ـ ئەوەی لەناو دانیشتووانەوە بانگی بۆ گەڕانەوەی نیشتمانی هەڵدا، گوتی: « گریمان لێرە ئارەقی ناوچەوانمان ڕشتبێت، ئەی دەزانن لەوڵات چی ڕێژراوە؟ ئەوی لەوڵات دەڕێژرێ تەنها ئارەقی نێوچەوان نییە، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو باوباپیرانمان خوێنی خۆیان لەسەر ئەو خاکە ڕشتووە، سەر و سامانیان لە پێناودا بەخت کرد، کام پاداشتەیان لەبری وەرگرت؟ بۆ نەچین ماف لەوڵاتی خۆمان بخوازین، بۆ ماف لەوان ناسەننەوە؟ ». بەگشتی لەو کابرایە تووڕە بوون، "منیش دەماری تووڕەییم بزوا". خاوەنەکەم گوتی: چیبکەین، لەوێ کەس خاوەن ماف نییە، لێرە ماف دەدرێت بۆیە ئێمەیش لێرە دەمانەوێ بیسەنین .... تێکڕا چەپڵەیان بۆ خاوەنەکەم لێدا. منیش خۆم بۆ ڕانەگیرا کوتوومت وەک سەگ " بەلام لەبەرخۆمەوە" وەڕیم. پاشان سەرم لەوە سووڕما چۆن لاسایی سەگم کردەوە، و چۆن بەرەبەرە خەریکە بیم بە سەگ. لەوێدا وتەکانی ئەو کابرایەی تووڕەی کردم ئەوەی هێنامەوە یاد کە من گورگم، و خەباتی نیشتمانی گورگانی هێنامەوە یاد. گشت بستێکی خاکی نیشتمانمان سوورە بە خوێنی پڕاوەی نێچیرە لەتوپەت کراوەکانی ئاوێتە بوو لەگەڵ هێنەکانمان. ئاخ نیشتمان، با هەلێکم بۆ هەڵکەوێت ...

ئا ئا ئا، پێویستە ئەوەیش باسکەم. ئەمانەیش لەخۆڕایی سەگ ڕاناگرن، دیارە ژیانی ئێرەیش زۆر لەبار نییە. ئێمەمانانیش پاداشی خزمەت وەردەگرین. سەگیان بەزۆری بۆ پاسەوانییە. پاسەوانی کۆشک، ماڵ و باخچە ... هەندێک سەگیش هەن بوون بە پۆلیسی ... شوێنی شاردنەوەی تلیاک و ئەفیون بە ئاسانی دەدۆزنەوە. لە سیرکەکاندا یاری و دیمەنی سەیر و جۆراوجۆر نیشان دەدەن. سەگیش هەن عارەبانەی شتە کڕدراوەکانی ژنانی خاوەنیان ڕادەکێشن. جارجارەیش چوار پێنج سەگ پێکەوە یەک خشکە ڕادەکێشن. سەگی ڕاو، و سەگی جووانی ... بۆ شادکردنی خاوەنەکانیان هەڵوێستی سەیر و عەنتیکە دەنوێنن ... سەگ هەن ڕاو دەکەن. سەگیش هەن دەبنە هاوڕێی گیانی بەگیانی مرۆی پیر و تەنیاباڵ ... واتە ئێمەی سەگ پاداشتی کردەوەی خۆمان وەردەگرین، واتە مفتخۆر نین ...

هەر لەسەر ئەو شێوەیە، مانگ مانگی لەدوا دێت، هەفتە لەدوای هەفتە، لەناکاو چاوم کردەوە چەندین ساڵ تێپەڕیوە. وا بە تەواویش پیر بووم. زۆر درەنگ لەوە گەیشتم کە ژیانی سەگێتیم درێژتر بووە لەژیانی گورگێتیم. دیارە کەمردیشم، چونکە نازانن من گورگم، لە گۆڕستانی سەگدا دەمنێژن. نیشتمان؟ ئەهها، بەڵێ ... نیشتمان ... هەر لەیەکهەم هەلدا ... خاوەنەکەیشم هەر وادەڵێت، ئەویش هەر دەڵێت یەکهەم هەل. چەندەم خۆش دەوێ. خۆشەویستی من بۆ نیشتمان لەباس نایەت ... بۆئەوەی لەبرسا نەتۆپم چەندین سات دووی کەروێشکێک دەکەوتم، دەشت و کێو هەڵەداوان. بۆ ئەو ڕۆژانەم لەبیر دەچێت ... ڕۆژانی زستانی سەخت لەو نیشتمانە خۆشەویستەدا کە نێچیرمان چنگ نەکەوتبا ئەوا ڕوومان لە ئاوەدانیەک دەکرد، جاروابوو گوللەی قورقوشمی لادێیی دەیتۆپانین ... لەڕۆژانی برسێتیشدا پەلاماری گورگی لاواز و برسی و ئەو جۆرە پیرانەمان دەدا کە لەبرسا توانای چاو هەڵهێنانیان نەدەما، لەتوپەتمان دەکردن و دەمانخواردن ... ئائائاخخخ نیشتمان ... هەر یەکهەمین هەل، بەڵێ هەر لەگەڵ یەکهەم هەلدا ... خاوەنەکەیشم هەر دەڵێت: لە یەکهەم هەلدا ...

– * – * – * – * –

<u>تێبینی</u>

ـ بۆ یەکهەم جار ئەم چیرۆکە لەگۆڤاری گزینگ ( چاپی سوید )، ژمارە پێنجی پاییزی ١٩٩٤ بلاوکراوەتەوە.

ـ لەهاوینی ١٩٩٤دا کاک تاریق ئاسیح لە کەنەداوە بەمیوانی هات بۆ لام، هەندێک بەرهەمی تورکی بۆ خوێندنەوەی خۆی هێنابوو. من کە ئەم چیرۆکەم تێیاندا بەگوێجاو زانی دەقی کوردیم بۆ دارشت ...